# لە دوایگۆڕانکاییەکانی عیراق
# ئایا کۆتایی بە خەونی سەربەخۆیی کوردستان هاتووە؟!

**مەجید ساڵح**

Magid 87@hotmail.com

ئەم سەردەمەی کە ئێمەی تێدا دەژین ، سەردەمێکی پڕلە ئاڵوگۆڕو پشێوی،سەردەمێکە  تاکە شت کە تێدا (نەگۆڕ) بێت خودی (گۆڕان)ە.هەموو ئەو رووداوە سیاسی کومەلآیەتی ئابوری وکولتوریانەی کە رۆژانە لە سەرتا پای جیهان بە بەرچاومانەوە سەرهەڵدەدەن، تاکو دوێنێ بۆ زۆربەمان بریتی بو لە کۆمەڵە خەونێك کە هاتنەدیان هەرگیز قابیلی تەسەور نەبوون.

ناوچەی رۆژهەلآتی ناوەراست ئەمڕۆکە لە هەموو کاتێك زیاتر بەرەو رووی ئەو گۆڕانە چاوەڕوان نەکراوانە بوەتەوە.بە جۆرێك رۆژ نییە ئێمە شایەتی رووداوێك نەبین کە هەرگیز لەلایەن سیاسەتمەدارەکانەوە پێشبینی بۆ نەکرابو.ئەوانەی تاکو دوێنێ داڕێژەری سیاسەتە لۆکاڵی و نێونەتەوەییەکانی ناوچەکە بوون،ئێستا یان لە دەرەوەی یارییەکەن یان تێڕوانینیان بۆ  یارییەکان بە شێوەیەکی ریشەیی گۆڕاوە،لە هەمانکاتدا رێگە بە تەواوەتی بۆ ئەوانە خۆش بوە کە خرابوونە دەرەوەی یاریەکانەوە وهەلی بەشداریکردنیان پێنەدەدرا .بە پێچەوانەوە زۆرێك لەوانە هەنوکە یاریکەری سەرەکین.

سەبارەت بە ئێمەی  کوردیش کە پێکهێنەرێکی سەرەکی (بەلآم دەرەوەی یارییەکانی)رۆژهەلآتی ناوەڕاست بووین،کۆڕانکارییەکانی پاش روخانی رژێمەکەی سەدام حسێن،گەلێك دەسکەوتی لێکەوتەوە.بە جۆرێك هەر پارچەیەکی کوردستان بگریت بەشی خۆی گۆڕانیپۆزەتیڤی بە خۆییەوە دیوە و چاوەڕێی گۆڕانی زیاتریش دەکرێت.

هەڵبەت دەبێ ئەوەش بوترێت بەشی باشوری کوردستان لە بەشەکانی تری کوردستان زیاتر پریشکی ئەو کۆڕانانەی بە خۆوە دیوە،دیارتینیشیان چەسپاندنی پرەنسیپی فیدرالیەتە لە عیراق وشکاندنی تەلیسمی (هاوولآتی پلە دووە)،ئەویش کاتێك بەڕێز مام جەلال بوو بە یەکەم  سەرۆك کۆماری هەڵبژێراوی عیراق ،عیراقێك کە بەدرێژایی هەشتاوچوارساڵ لە دامەزراندنیتێدا بە چاویسوکەوە تەماشای کورد کرا بوو.

ئەو دوو گۆڕانە بنەڕتیە نەك هەر لە باشوری کوردستاندا بەڵکو لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا کاریگەری گەورەو گرانی لێکەوتەوە.لەو ساتە وەختەوە بەو لاوە نە سوریا ونە تورکیا ونەئێرانیش بە چاوی جارانە تەماشای کوردەکانی بەشە داگیرکراوەکانی ژێر چەپۆکیخۆیان ناکەن.تەنانەت لەسەر ئاستی ئیقلیمی ونێونەتەویشدا وەك پێشوومامەڵە لەگەڵ سیاسەتمەدارانی کوردا ناکرێت.حزوری کورد نەك لە رۆژهەلآتی ناوەڕاستدا،بگرە  لە تێکڕای نێوەندە جیهانییەکاندا حزورێکی چالاك وکاریگەرە.

بەلآم لێرەدا گرنگە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئاخۆ ئەمە کۆتایی گۆڕانکاییەکانەو شتی تر لە ئارادا نییە؟یان هەمبانەکە هێشتا ئەوەڵیەتی وگەلێ ورداوی چاوەڕوان نەکراوی تر ماون تاکە بیانبینین؟!

گەر بە وردی تەماشای کردارو گوتاری هەندێك لە سیاسەتمەدارو رۆژنامەنوسی کوردستان بکەین ،بە داخەوە وا دەزانن کە ئەوە کۆتایی تونێلەکەیە و کورد جگە لەوەی کە بەدەستی هێناوە نابێت چیتر  چاوەڕوانی زیاتر بکات.مایەی خەمبارییە ئەوئاراستەیەی ناودونیای سیاسەت و رۆژنامەوانی کوردی،بالآ دەستە و لە بەر زاڵبوونیان بە سەر  زۆبەی کەناڵە بینراو بیستراوو نوسراوەکانی کوردستان، خەریکە ئەو گوتارەیان دەکەن بە گوتاری باولە ناو رای گشتی کوردستاندا .ئەوەش  گەورەترین مەترسیە بۆ سەر خەونی سەربەخۆیی کوردستان کە ئەمڕۆکە لە هەموو رۆژێك زیاتر قابیلی هاتنە دییە.

وەك  لە سەرەتاوە ئیشارەتم پیدا ،چرکەساتەکانی ئەم سەردەمەی ئێمەی تێدا دەژین وامان لێدەکات تەسەوری هەمووگۆڕانێك بکەین.بە واتاییەکی تر هیچ گرەنتیەك نییە بۆ مانەوەی یەك پارچەیی عیراق یان ئێران یاخود تورکیاو سوریا.ئەی کەواتە بۆ ئێمە هێندەبە توندو تۆڵی پابەند بین بەو وەعدو پەیمانانەی کە رۆژانە دەیدەین بە داگیرکەرانی کوردستان؟!

لە راستیدا من هیچ کاتێك ئەوەی کەبەدەست هاتوە بە کەم نازانم ،لە هەمان کاتیشدا هیچ گومانم لەوەدا نییە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان وەك هەموو کوردیکی بە شەرەفی ئەم نیشتمانە خەونی سەربەخۆیی کوردستانیان گەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە.بەلآم کێشەکە لەوەداییە لە دەزگاکانی راگەیاندنیان ولە گوتارەکانیاندا بە بەردەوامی باس لە موستەحیل بوونی هاتنە دی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەن بە رادەیەك خەریکە ئەوە دەکەن بە گوتارێکی زاڵ و بالآدەستی ناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان. خافڵ لەوەی کە رۆژگار چی لە دووتوێی لاپەڕەکانی خۆیدا حەشارداوە.

لێرەوەیە ئەرکی نوسەران و رۆژنامەوانانی کوردستان دەست پێدەکات کە درێژە بە پەیامی نەتەوەییان وون نەکەن چونکە ئەوان وەك پیاوانی سیاسی ناچار نیین رەچاوی بارودۆخە ناوخۆیی ئیقلیمیونێونەتەوەییەکان بکەن، پێویستە هەموو تواناکانیان بخەنە گەڕ و کار بۆ ئەوە بکەن رای گشتی کوردستان بەرەو سەربەخۆبوون و یەکگرتنەوە ئاراستە بکەن.چونکەهیچ دوور نییەلە سبەینێیەکی نزیکدا ئەوخەونەشمان ببێتە واقیع(وغداً لناڤره قريب)